# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی نۆیەم: لەبارەی ڕێگریکردنەوە (الحجر)

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب التاسع: في الحجر

< كوردی - كردي - kurdish >

## دەستە بژێرێک لە زانایان

## نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی ڕێگریکردنەوە (الحجر)

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی ڕێگریکردن (الحجر) وە، سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : پێناسەی ڕێگریکردن (الحجر)، وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، لەگەڵ جۆرەکانی، بابەتی دووەم : ئەحکامەکانی پەیوەیست بە جۆری یەکەمی ڕێگریکردن، کە بریتیە لە ڕێگریکردن لە مرۆڤێك لەبەر بەرژەوەندی خۆی، بابەتی سێهەم : ئەحکامەکانی پەیوەیست بە جۆری دووەم، کە بریتیە لە ڕێگریکردن لە مرۆڤێك لەبەر بەرژەوەندی کەسانی تر .

**بابەتی یەکەم : پێناسەی ڕێگریکردن ( الحجر )، وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، لەگەڵ جۆرەکانی .**

**1- پێناسەی ڕێگریکردن ( الحجر ) :**

الحجر : لە زمانەوانیدا : بە مانای ڕێگریکردن دێت .

لە زاراوەی شەرعیشدا : بە مانای ڕێگری کردن لەکەسێك دێت لە هەڵسوکەوت کردن بە ماڵی خۆیەوە .

**2- بەڵگەکان لەسەر دروستی و مەشروعیەتی ڕێگریکردن ( الحجر ):** ڕێگریکردن لە کەسانێکی کاڵفام و گێل، یان کەسانێك قەرزی کەسانی تریان لەسەرە و نایدەنەوە، کارێکی دروست وڕێگا پێدراو و مەشروعە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ﴾ (1).

واتا : ئەو ماڵ و سامانەی کە خودا ژیانتانی پێوە بەند کردووە، مەیخەنە بەردەست سەفیە (2) وکاڵفام و کەم عەقڵەکان .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی : 5.

(2) سەفیە : بەو کەسە دەوترێت کە کەم عەقڵ بێت و هۆشی ساغ نەبێت و، ئەگەر پارەو سامانی بخەیتە بەردەست هەمووی بێ هوودە خەرج دەکات. جا (سفیە) پیاو بێت یاخود ئافرەت، دەبێت (حجر) بخرێتە سەر ماڵ و سامانیان

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی ( أموالكم ) ماڵوسامانەکەتان مەدەنە دەست سەفیە و کاڵفامەکان، بەڵام لە بنەمادا مەبەستی ئەوەیە ئەو ماڵو سامانەی موڵکی ئەو سەفیە و کاڵفامانەن و لای گەورە و لێپرسراوەکانیانن، چونکە ئەو گەورە ولێپرسراوانە خوای گەورە فەرمانی پێکردوون لەبەر ئەوەی ئەوان نازانن بەچاکی هەڵسوکەوت بە ماڵو دارایییانەوە بکەن، لای خۆیان دایبنێن و نەهێڵین بەفیڕۆی بدەن و بە پێی پێویست بۆیان خەرج بکەن .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَـٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ﴾ (1).

واتا : ئەگەر سەرپەرشتیی ماڵی هەتیوتان کەوتە ژێر دەست، ئەوە چاوەڕوانی گەورەبوونیان بکەن، هەتا ئەوکاتەی کە کاتی ئەوەیان دێت هاوسەرگیری بگەن، ئەمجا تاقییان بکەنەوە، ئەگەر لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوون وهەستتان کرد ژیرو سەلارن، پارە و سامانەکەیان پێ بدەنەوە .

لە جێگایەکی تردادەفەرموێت : ﴿فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ﴾ (2).

واتا : ئەگەر قەرزارەکە, یان ئەو کەسەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان مافی خەڵکی بەسەرەوەیە، هەڵەشە و نەزان و کەم ئاوەز بوو؛ وەیان لە روانگەی ئەقڵەوە بێ هێزو لاواز بوو ( منداڵ بوو، یا بەساڵا چوبوو) , توانای ئەوەی نەبوو کە خۆی چەندوچۆنی قەرزەکە لە نووسەرەکە بگەیەنێت، لەو حاڵەدا با سەرپەرشتیارەکەی و ئەو کەسەی کاروباری بۆ هەڵدەسوڕێنێت، لەجیاتی ئەو بە جوانیی نووسەرەکەی تێ بگەیەنێت، بۆ ئەوەی قەرزەکە وەك خۆی بنوسێت, وە با دوو کەس لەخۆتان ئەوانەی لە شایەتیداندا ڕاستگۆن و لە حەق لانادەن، بکەنە شاهید بن لەسەر ئەو کارە .

---

تا توانای بەکارهێنانیان نەبێت، وە نابێت بهێڵرێت کاسپی پێوە بکات، بەڵکو دەبێت ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیاریەتی _لە پارەی ( سفیە ) وەکە خۆی_ پێویستی ژیان و خواردن و گوزەران و جلوبەرگ و پێویستی تری وەکو خوێندن و داوودەرمانی نەخۆشی و ... هتد، بۆ کەسە ( سفیە ) وەکە دابین بکات .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی : 6 .

(2) سورەتی البقرة : ئایەتی :282 .

ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە ئاماژەمان پێدان بەڵگەن لەسەر ڕاستی ودروستی ورێگادان بە ڕێگریکردن و حیجر دانان لەسەر سەفیە وکاڵفام و منداڵی هەتیوو، وە هەر کەسێکیش وەك ئەوان وایە، وەك کەسانی شێت و منداڵ، لەوەی هەڵسوکەوت بە ماڵو سامان ودارایییانەوە بکەن، بۆ ئەوەی ماڵو سامانیان نەفەوتێت ودووچاری لەناوچوونی خراپی نەبیتەوە، بۆیە ئەو کاسانە نابێت ماڵو سامانیان بەدەست خۆیانەوە بێت، تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبیتەوە لە ژیری و فامیان، بۆیە لێپرساو و گەورە و وەلیەکانیان لەبری ئەوان و بۆ بەرژەوەندی ئەوان هەڵسوکەوت بە ماڵەکانیەوە دەکەن.

**3-جۆرەکانی ڕێگریکردن ( الحجر )**

**ڕێگریکردن ( الحجر ) دوو جۆری هەیە :**

**جۆری یەکەم** : ڕێگریکردن ( الحجر ) لەبەر بەرژەوەندی ئەو کەسەی کە ڕیگریەکەی لێکراوە، وەك ڕێگریکردن لە منداڵ وگێل و کاڵفام وشێت، خوای گەورە لە بارەی ئەم جۆرەیانەوە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تُؤۡتُواْ ٱلسُّفَهَآءَ أَمۡوَٰلَكُمُ﴾ (1).

واتا : ئەو ماڵ و سامانەی کە خودا ژیانتانی پێوە بەند کردووە، مەیخەنە بەردەست سەفیە وکاڵفام وکەم عەقڵەکان .

**جۆری دووەم** : ڕێگریکردن ( الحجر ) لەسەر مرۆڤێك لەبەر بەرژەوەندی کەسانی تر، وەك ڕێگریکردن لە کەسێکی موفلیس و مایەپووچ کە نەیهێڵیت هەڵسوکەوت بە ماڵەکەیەوە بکات، تاوەکو زیان نەگات بە خاوەن قەرزەکانی، هەروەها ڕێگریکردن لە کەسێکی نەخۆش، نەخۆشیەکی وایە کە ئومێدی چاك بوونەوەی لێناکرێت وچاوەڕوانی مردن دەکات، ڕێگری لێ دەکرێت لەوەی کە هەڵسوکەوت و تەصەڕوف بە زیاتر لە سێ یەکی ماڵو سامانەکەیەوە بکات، لەبەر بەرژەوەندی میراتگرەکانی، هەروەها بەندە وکۆیلە ڕێگری لێدەکرێت لەبەر بەرژەوەندی سەید وگەورەکەی، بۆیە هەڵسوکەوت و تەصەڕوفی بەبێ مۆڵەتی سەید و گەورەکەی ڕاست ودروست نیە .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی : 5.

**بابەتی دووەم : ئەحکامەکانی پەیوەیست بە جۆری یەکەمی ڕێگریکردن، کە بریتیە لە ڕێگریکردن لە مرۆڤێک لەبەر بەرژەوەندی خۆی**

1- ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە ڕێگری لێدەکرێت لە هەڵسوکەوت کردن بەماڵو دارایییەکەیەوە، لەبەر ئەوە بوو کە مناڵ و بچووك بوو، دەستدرێژی کردە سەر گیان یان ماڵو سامانی کەسێکی تر، لەم کاتەدا ئەو مناڵە زامنی ئەو دەست درێژی کردنەیەتی، وە دەبێت تەحەمولی ئەو لێپرسراویەتیە بکات و قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە کە داویەتی لەکەسانی زیان لێکەوتوو، چونکە ئەو کەسانەی کە ئەو دەست درێژی کردوونەتە سەر و زیانی پێگەیاندوون هیچ کەمتەرخەم نەبوون، و مۆڵەتی وەها کارێکیشیان پێ نەداوە، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێك ماڵو سامانەکەی دایە دەست کەسێکی مناڵ یان سەفیە و کاڵفام یان شێتێك، وە لە ئەنجامدا ئەو مناڵە یان ئەو شێتە ماڵو سامانەکەی فەوتان یان خراپی کرد، لەو کاتەدا ئەو مناڵە یان ئەو شێتە هیچ زامنی کارەکەی نیە، چونکە ئەو کەسە بە ڕەزامەندی خۆی ماڵ وسامانەکەی داوەتە دەستیان، بۆیە ئەو کەسە خۆی کەمتەرخەمە نەك ئەوان.

2- ڕێگریکردن لەسەر مناڵ بەدوو کار هەڵدەگیرێت :-

**مەرجی یەکەم** : باڵغ بوون، ئەمەش چەند نیشانەیەکی هەیە: هاتنەوەی ئاوی پیاوەتی (مەنی)، یان ڕووانی کووی زبر لەپێشەوەی، یان تەمەنی بگاتە پازدە ساڵ، یان ئەگەر کچ بوو بکەوێتە سوڕی مانگانەوە .

**مەرجی دووەم** : ڕەشید بێت، مەبەست لێی ئەوەیە چاك مامەڵە لەگەڵ ماڵو سامانیدا بکات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ﴾ (1).

واتا : ئەگەر سەرپەرشتیی ماڵی هەتیوتان کەوتە ژێر دەست، ئەوە چاوەڕوانی گەورەبوونیان بکەن، هەتا ئەوکاتەی کە کاتی ئەوەیان دێت هاوسەرگیری بگەن، ئەمجا تاقییان بکەنەوە، ئەگەر لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوون وهەستتان کرد ژیرو سەلارن، پارە و سامانەکەیان پێ بدەنەوە .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی : 6.

ڕوشدی منداڵ بەوەدا دەزانرێت کە تاقی بکرێتەوە، بەوەی هەندێك ماڵ و پارەی بدەیتێ و پێی بڵێ با ئەو پارەیەت پێ بێت و خۆت خەرجی بکە، ئەگەر زانیت کە دەزانێت بە باشی خەرجی بکات و کەس بە خراپی نایخەڵەتێنێت، وە ماڵ و پارەکەی لە کاری حەرام و شتێکدا خەرج ناکات کە بێ سوود و بێ هوودە بێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فام و ئاوزووی کردووە و گەیشتووەتە ڕوشد وژیری خۆی .

3- ڕێگریکردن لەسەر شێت بە دوو کار هەڵدەگیرێت :

**یەکەم** : نەمانی شێتیەکەی و گەڕانەوەی ژیری وفام بۆی .

**دووەم** : ڕەشید بێت، کەسی سەفیە و گێڵ و کاڵفام : بەوە ڕەشید دەبێت کە سەفاهەت و گێلی و کاڵفامیەکەی نەمێنێت و بزانێت بە باشی هەڵسوکەوت بە پارە وماڵەیەوە بکات.

4- ئەو کەسەی کە ڕێگری لێدەکرێت لە هەڵسوکەوت کردن بە ماڵو سامانیەوە، باوکی ئەگەر کەسێکی دادگەر و ڕەشید بێت، ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ و ئەو هەڵسوکەوت دەکات بە ماڵو سامانیەوە، ئەگەر باوکی نەبوو، یان شیاو نەبوو، ئەو کەسەی کە چاودێری ئەو کەسەی پێسپێرراوە و پێی دەڵێن (وەصی ) سەرپەرشتیاری دەکات و ئەرکی ماڵوسامانی دەگرێتە ئەستۆ، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی کە ئەو ئەرکە ئەگرێتە ئەستۆ دەبێت زۆر بە باشی و بەجوانی هەڵسکەوت بە پارە و ماڵو سامانیەوە بکات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (1).

واتا : هەرگیز نزیکی ماڵ و دارایی هەتیوان مەکەونەوە بە شێوەیەکی چاك وجوان نەبێت. ئایەتەکە تەنها باسی لە هەتیوان کردووە، بۆیە ئەوانەش وەك هەتیوو وان لە مانا و ناوەڕۆکدا، قیاس دەکرێت بۆ سەریان .

5- پێویستە کاربەدەست و لێپرسراوی هەتیووان پارێزگاری لە ماڵوسامانی هەتیوان بکەن، ماڵیان نەخۆن، و بە خراپە وزوڵم وستەم هەڵسکەوت بە ماڵیانەوە نەکەن، بە بەڵگەی ئەو

(1) سورەتی الانعام : ئایەتی : 152.

ئـایـەتـەیـە کـە خـوای گـەورە فـەرمـوویـەتـی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴾ (1).

واتا : بەڕاستی ئەو کەسانەی کە ماڵی هەتیوەکان دەخۆن بەستەم و ناڕەوا بەڕاستی ئەوانە بەس لە سکی خۆیان ئاگر دەخۆن وە لەمەوپاش دەچنە ئاگرێکی بەتین و هەڵگیرساوەوە.

**بابەتی سێهەم : ئەحکامەکانی پەیوەیست بە جۆری دووەم، کە بریتیە لە ڕێگریکردن لە مرۆڤێک لەبەر بەرژەوەندی کەسانی تر .**

1- ئەو کەسەی کە قەرزاری کەسێکە ڕێگری لێناکرێت و حیجری لەسەر دانانرێت لە هەڵسکەوت کردن بە ماڵو سامانیەوە، تا ئەو کاتەی کە کاتی دانەوەی قەرزەکەی دێت، چونکە پێش ئەوەی کاتی دانەوەکەی بێت پابەند ناکرێت و ناچار ناکرێت بە دانەوەی قەرزەکە، بەڵام ئەگەر هاتوو وویستی سەفەرێکی دوور بکات و کاتی دانەوەی قەرزەکەی پێش گەڕانەوەی لەسەفەرکەی کاتی هات بۆ دانەوەی، لەو کاتەدا خاوەن قەرزەکەی دەتوانێت ڕێگری بکات لە سەفەرەکەی، تا ئەو کاتەی کەسێك دەبێت بە کەفیلی، یان شتێك دەخاتە ڕەهنیەوە.

2- ئەگەر هاتوو ئەو ماڵو سامانەی کە ڕێگری کراوە لە هەڵسکەوت کردن پێوەی، زیاتر بوو لەو قەرزەی کە بەسەر خاوەن ماڵەکەوەیە، ئەو کەسە ڕێگری لێناکرێت، بەڵکو فەرمانی پێدەکرێت کە لە کاتی داواکردنەوەی ئەو قەرزەی لەسەریەتی وەفای هەبێت وبیداتەوە، ئەگەر هاتوو وای نەکرد، ئەوا زیندانی وسەرزەنشت دەکرێت، بەو شێوەیەی کە شایەنیەتی سزا دەدرێت تاوەکو قەرزەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەگەر هەر هاتوو گوێ بەهیچ نەدا و وای نەکرد بە فەرمانی پێکراوە، ئەوا دەست وەردەرێتە ماڵو سامانەکەیەوە و بەزۆر قەرزەکەی لێ دەسەنرێتەوە و دەدرێتەوە بە خاوەنەکەی، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ماڵو سامانەی کە ڕێگری کراوە لە هەڵسکەوت کردن پێوەی، کەمتر بوو لەو قەرزەی کە لەسەریەتی وکاتی دانەوەی هاتووە، ئەوا ئەگەر هاتوو خاوەن قەرزەکەی داوای قەرزەکەی کردەوە، ئەوا ڕێگری لێدەکرێت کە هەڵسوکەوت کردن بە ماڵو سامانەکەیەوە، بۆ ئەوەی خاوەن قەرزەکان تووشی زیان نەبن .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی : 10 .

هەروەها نابێت بهێڵرێت ئەو کەسە هەڵسکەوت بە ماڵەکەیەوە بکات و دەست بکات بە بەخشین و خێر کردن پێوەی، ئەگەر هاتوو کارێکی لەو شێوەیە زیانی دەگەیاند بە خاوەن قەرزەکان .

3- هەر کەسێك ئەو ماڵو سامانەی فرۆشت کە حیجری خراوەتە سەر، یان دای بە قەرز بە کەسێکی تر پاش ئەوەی حیجر خرایە سەری، ئەوا خاوەن ماڵەکە ناتوانێت داوای ماڵەکەی بکاتەوە تا ئەو کاتەی کە ڕێگری و حیجرەکەی لەسەر لا دەبرێت .

4- حاکم و دەسەلاتی کات دەتوانێت ماڵو سامانی حیجر لەسەر دانراو بفرۆشێت، پاشان پارەکەی دابەش بکات بەسەر خاوەن قەرزەکاندا، ئەو قەرزانەی کاتی دانەوەیان هاتووە، چونکە مەبەست لە ڕێگریکردنەکە ئەوەیە کە باسمانکرد، چونکە ئەگەر هاتوو دواخرا بۆ کاتێکی تر بێگومان دەچێتە چوار چێوەی سستی نواندن لە دانەوەی قەرزو زوڵم وستەمەوە، بەڵام حاکم بەشێك لە پارە و ماڵو سامانەکەی واز لێ دەهێنێت ئەویش بۆ ئەوەی خەرجی ڕۆژانەی خۆی وماڵو منداڵی و جێگای حەوانەوەی پێ دابین بکات ...

**تێبینی** : کاتێك باسی ئەوە دەکەین کە ڕێگری دەکرێت لەکەسی قەرزار و ئەو کەسانەی کە مافی خەڵکیان بەسەرەوەیە، دەبێت لە ڕێگای دادگا و بەرز کردنەوەی داوا بێت لەسەر ئەو کەسە، وە نابێت هەر کەسێك لە هێز و دەسەلاتی خۆی کارێکی لەو شێوەیە بکات، چونکە دەچێتە چوار چێوەی دەست درێژی کردنە سەر دەسەلات و سوڵتەی حکومەتەوە، ئەمەش لای زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کارێکی ناڕەوا و نەشیاوە، و دەبێت بەهۆی دروستکردنی بشێوی و نانەوەی ئاژاوە لە ناو خەڵك و کۆمەڵگەدا ..

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین کە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی قەرزاری کەسمان نەکات، وە یارمەتی قەرزارەکانیشمان بدات کە قەرزەکانیان بدەنەوە، وە ئەگەر قەرزاریش بووین بە ڕەوشت بین لەگەڵ خاوەن قەرزەکاندا، چۆن یەکەمجار بە شێوەیەکی جوان داوای قەرزمان لێکردوون، کاتی دانەوەشی هات بە سوپاس و پێزانینەوە قەرزەکەیان بۆ بگەڕێنینەوە، ، ئامین یارب العالمین]وەرگێڕ

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم